**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٦٥٧ لە ٢٠٢٢/١٠/١١**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بەحوکمی (مادده /٦) لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) و (مادده/٦ – یەکەم) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٤) و بەمەبەستی یەکخستنی زمانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە:-

- ( بە کوردی کردنی بڕیارەکانی دادگا و هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ) و تەنها لە کاتی پێویست بە زمانی عەرەبی بنوسرێت.
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٢٢٨٢٩ لە ٢٠٢٢/١٠/١٣**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (پێدە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بەفراوانکردنی وهێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، وبڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٦٨٢) لە ٢٠٢٢/٨/٣١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە :

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**پێدە**) وچەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادستڕۆ لە ناحیەی زاوێتە لە سنوری قەزای دهۆک لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٢) دوو دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٦٨) کەرتی (٣٥/ پێدە) و بەمەبەستی زیادکردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (پێدە) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٥٩) بە ڕووبەری (٢٥) بیست و پێنج دۆنم و وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە کەوا کۆی گشتی حەرەمی گوندی ناوبراوی سەرەوە دەکاتە (٢٧) بیست و حەوت دۆنم بەپێی یاساکاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**